

# دینا حایک: لەگـ

●دینا حایك یەكێكە لە كچە هونەرمەندە سەركەوتووەكانی لوبنان و خاوەن دەنگێكی چیایی تایبەتە، لە سەرەتای گۆرانی وتنیەوە سەرنجی جەماوەری بۆ خۆی راكێشاوەو تا ئێستا لە سەركەوتنەكانی بەردەوامە، ماوەیەك بەر لە ئێستا لە رێگەی چەند رۆژنامەنووسێكی لوبنانییەوە هەوڵماندا دیمانەیەكی لەگەڵدا ساز بكەین، دوای ئەوەی بەر لە دوو ساڵ دیمانەیەكی دیكەمان لەگەڵی ئەنجامدا بوو، دواتر بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.●

# ...ـــەڵ ئاهەنگی تایبەتی و داخراودا نیم

*** پێت وایە تۆ توانیوتە لە هاوتەمەنەکانی خۆت زیاتر سەرنجی جەماوەر بە لای خۆتتدا رابکێشی؟**

- نەخێر، چونکە کە دەستم بە هونەر کرد تەنیا سەیری پێشەوەی خۆم کرد و بیرم لە کەس نەکردەوە.

*** مامەڵەی راگەیاندنەکان لەگەڵت چۆن بوو؟**

- سوپاس بۆ خوا زۆر باش بوو و زۆریش لە رۆژنامەکان پێشبینیی سەرکەوتنی منیان کرد، چونکە هیچم نییە بیشارمەوە و لەو باوەڕەشدام راگەیاندن لە خۆڕا هیچ شتێك بۆ کەس هەڵنابەستێت.

*** لە هونەرمەندان کێ زیاتر سەرنجت رادەکێشێت؟**

- ئەوەی خاوەن دەنگێکی خۆش بێت.

*** چی دەڵێی بەوانەی کە بوونەتە ئەستێرە بێئەوەی دەنگی خۆشیان هەبێت؟**

- مافی ئەوە بە خۆم نادەم دەربارەی کەس قسە بکەم.

*** داهاتووی هونەریی خۆت چۆن دەبینی؟**

- دوور لەخۆبایی بوون، خۆم لە پلەیەکی بەرزدا دەبینم، چونکە سەرکەوتن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پارە نەك بە پێچەوانەوە، هیچ گرفتێکم نییە بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم و پەلەشم نییە، ئەو هونەرمەندەی بیەوێ بەردەوام بێ لە سەرکەوتن، پێویستە شارستانی و بە هیوا و خاوەن رەوشتێکی بەرزیش بێت.

*** خۆت بە هونەرمەندەکانی ریزی پێشەوە دەزانی؟**

- بێگومان خۆم لەوان دادەنێم هەرچەندە زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت هەڵسەنگاندنێکی لەو شێوەیە بکات، هەروەها لەگەڵ ئەوە نیم هونەرمەند بە پلە یەك یان دوو دابنرێت، چونکە زۆر هونەرمەند هەن زوو دەردەکەون لە دەزگاکانی راگەیاندن، کەچی لەوانەیە لە پلە یەکەکان نەبن، پێموایە ئەوەی کاری باش و جوان پێشکەش بکات، ئەو لە پلەی یەکەمە نەك ئەوانەی لە ئاهەنگە تایبەتییەکان بە بەردەوامی گۆرانی دەڵێن.

*** تۆ ئاهەنگی تایبەت پێشکەش ناکەی؟**

- بەڵێ لە ئاهەنگی تایبەتی لەدایکبوون و هاوسەرگیری، ئەو ئاهەنگانەی کە کراوەن نەك ئاهەنگە داخراوەکان ئەوانەی تەنیا دوو تا سێ کەس ئامادەی دەبن.

*** خۆشەویستی چ پێگەیەکی هەیە لە ژیانی تۆدا؟**

- خۆشەویستی هەمیشە هەیە و بەردەوامە لەگەڵ لەدایکبوونی هەموو مرۆڤێك.

*** هەندێك لە ئافرەتە هونەرمەندەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پیاوان دوو دڵن، چی دەڵێی لەم بوارەوە؟**

- نەخێر ناترسم.

*** تۆ دژی نەشتەرگەری جوانکاری یان لەگەڵ ئەنجامدانی نەشتەرگەری؟**

- لەگەڵ ئەنجامدانی نەشتەرگەریم بەرێژەیەکی کەم، واتە تەنیا ئەوەی پێویستە زیاتر نا.

***پێتوایە هونەرمەند کە بە ساڵاچوو خەڵك پشتی تێدەکەن؟**

- بێگومان جەماوەر میزاجییە، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ چەپڵە بۆ هونەرمەندێك لێدەدات کەچی بەیانی لەبیری دەکات، ئەمەش بۆ هونەرمەند کارێکی زۆر ناخۆش و کاریگەرە، ژیانی هونەریش هەمیشە لە خولانەوەدایە، زۆر جار هونەرمەند هەیە بڕوای تەواوی بە خۆی هەیە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و زۆر خۆی ماندوو دەکات لەکارەکەی خۆیدا، بەلام نابێ ئەو هونەرمەندە لەسەر سەروەرییەکانی رابردوو بژیت، چونکە زۆر کەس لەدوای ئەوەوە دێن و رەنگە سەرکەوتووش بن، بۆیە پێویستە هونەرمەند لەو لایەنەوە وشیار بێت، سەرەڕای ئەوەش هەندێك هونەرمەند هەن تەمەنیان زۆر گەورەشە کەچی خاوەن دەنگێکی خۆشن.

*** لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هونەری چ میللەتێك زیاتر سەرنجت رادەکێشی؟**

- ئەوەی راستی بێت هونەری لوبنانی بەشێوەیەکی نوێ و کولتوورییش رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە خۆم لوبنانیم، بەلام گوێ لە هونەری میللەتانی دیکەش دەگرم بۆ نموونە گۆرانی ئینگلیزی.

*** کلیپەکانت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- ناتوانم بڵێم کلیپەکانی من لە هی هونەرمەندانی دیکە باشتر و سەرکەوتووترە، بەڵام هەمیشە هەوڵ دەدەم شتی نوێ و جوان پێشکەش بکەم.

*** گوێ لە دەنگی کێ دەگری؟**

- گوێ لە زۆر هونەرمەندان دەگرم ناتوانم دیاریان بکەم، چونکە هەر گۆرانییەك خۆش بێت گوێی لێدەگرم.

*** هونەرمەند چۆن دەبێت بە ئەستێرەیەکی گەورە؟**

- بە پلەی یەکەم بەلای من گرنگ ئەوەیە ئەو شتەی دەمەوێ بیکەم، نامەوێ لە رێگەی پێچ و پەناوە ناوبانگ دەربکەم و ببم بە ئەستێرەیەکی ناسراو، دەمەوێ بە ئەرك و ماندوو بوونی خۆم بگەم بە لوتکە.

*** تا چەند لە کەشوهەوای هونەری رازیت؟**

- رازی بوون و رازی نەبوون شتێکی رێژەییە، گرنگ ئەوەیە هونەرمەند ئەوەی لە توانایدا هەیە پێشکەشی بکات.

*** چ کاتێك دەگریێ؟**

-هەمیشە ئەگەر هەست بکەم زوڵمم لێدەکرێ دەگریێم.

*** وەك هونەرمەندێك پارە تا چەند گرنگە لەلات.**

- بێگومان پارە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لە ئەولەویاتی من نییە هەرچەندە کە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆمی پێ تەواو بکەم و پێی بژیم.

*** رەوشت بەرزی رێگە لەبەردەم ئافرەت خۆش دەکات بۆ سەرکەوتن یان ئاستەنگ دەخاتە بەردەمی؟**

- پێویستە هەموو مرۆڤێك خاوەن رەوشتێکی بەرزبێت، نەك تەنیا هونەرمەند بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە ژیانیدا، من نامەوێ کارێك بکەم خەڵك بە سلبی باسم بکەن، دەمەوێ بە ئاسوودەیی بژیم.

*** بەر لە دووساڵ بڕیار وابوو تۆ و کازم ساهر و ئەساڵە نەسری چەند ئاهەنگێك لە هەولێر ساز بکەن، بۆچی ئەم کارە نەکرا؟**

- بەڵێ ئەمە راستە ئێمە لەرێگەی رێکخراوێکی عێراقییەوە لەسەر ئەمە رێککەوتبووین و رۆژەکەشمان دیاری کرد، بەڵام دواتر کارەکە دواخرا لەبەر چەند هۆکارێك کە پێوەندی بە ئێمەوە نەبوو، بەراستی من زۆر حەزم دەکرد لەگەڵ ئەو دوو هونەرمەندە گەورەیە گۆرانی بڵێم، هەروەها حەزیشم دەکرد بۆ یەکەمجار لەعێراق چاوم بە جەماوەری خۆم بکەوێت.





## مەی حەریری دەیەوێت مزگەوت و کڵێسایەک لەتەنیشت یەک دروست بکات

گۆرانیبێژی لوبنانی "مەی حەریری" لەچاوپێکەوتنێکدا رایگەیاند کە خەون بەوە دەبینێ ئەوەندە سامان کۆبکاتەوە کە بتوانێت مزگەوتێك و کەنیسەیەك لە تەنیشت یەك دروست بکات وەك هاوکارییەك بۆ دروستکردنەوەی برایەتی لە نێوان ئاینەکانی لە لوبنان هەن. لە درێژەی قسەکانیشیدا مەی بەدووری زانی رۆژێك بتوانێت حیجاب بپۆشێت.

## ئۆباما. منداڵێکی نوێژخوێن بووە



لەفیلمێکدا کە باس لە منداڵێتی سەرۆکی ئەمریکا دەکات، روونی دەکاتەوە کە ئەوکاتەی لەلای دایکی بووە، بۆماوەی چوار ساڵ لەشاری "جاکەرتا"ی پایتەختی ئەندەنوسیا، ئۆباما منداڵێکی زۆر نوێژخوێن بووە و زۆرێك لەکاتەکانی بە خوێندنی قورئان بەسەر بردووە.

فیلمەکە لە نووسینی نووسەری ئەندەنوسی "دامیین دیماترا"یە بەناوی "ئۆباما ..منداڵی مینتیج" ناوەکە لەوشوێنە وەرگیراوە کە لێی ژیاوە، لە ماوەی چوارساڵی تەمەنی سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ دایکی دوای ئەوەی شووی کردبوو بە پیاوێکی ئەندەنوسی. نووسەری فیلمەکە بە بەڵگەی تەواو موسڵمان بوونی منداڵی ئۆباما دەسەلمێنێت.

## پینەلۆپی کروز . جوانترین ئافرەتی جیهان



لەراپرسییەك کە کۆمپانیای "ویزەر جینز" ئەنجامی دابوو لەنێوان ١٠ ئافرەتی بەناوبانگی جیهان، ئەکتەری ناوداری ئیسپانی "بینۆلۆپی کروز" بەجوانترین ئافرەتی جیهان دەستنیشان دەکرێت.



## هەیفا وەهبی لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری بوو

پۆلیسی لوبنانی پلانێکی کوشتنی گۆرانیبێژی ئەو وڵاتە "هەیفا وەهبی" پێش ئەنجامدانی ئاشکرا دەکات، بەپێی پلانەکە دەبوایە لە رێگەی فرۆکەخانەی بەیرووت ئەو کارەیان ئەنجام بدایە، بۆ ئەمەش چەند گومانلێکراوێك دەستگیرکراون.



## تۆم کرۆز: بەخواستی کچەکەم جلەکانم هەڵدەبژێرم

لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ بێژەری بەناوبانگ " ئۆپیرا وینفری" ئەکتەری گەورەی هۆلیوود "تۆم کروز" رایگەیاند "سوری" کچی زۆر بایەخ بە مۆدێلی جلوبەرگ دەدات و چاك دەزانێت چ جلێك هەڵدەبژێرێ، بۆیە هەڵبژاردنی جلەکانی منیش هەر ئەو پێی هەڵدەستێت.

## سەعدون یونس (ڕەجەب):

# یەکەمجار لەسەر عاشقایەتی گیراوم



● سەعدون یان با روونتر بڵێین ئەو کەسەی ڕۆڵی (ڕەجەب) دەبینی، نیوەی تەمەنی زیاتر لەنێو بواری دراما و شانۆ و هونەر بە گشتی بردۆتە سەر و تا ئێستاش ئەگەر لە سوپاتیشدا بێت، بەڵام نەوەستاوە، بۆیەش دەڵێین (ڕەجەب)، چونکە ئەو کارە هونەرییەی دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ ئێستاش لە پێشکەشکردنی و سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لە کوردستان و ژیانی تاکی کوردی هاتوونەتە ئاراوە هێشتا هەمان تاموچێژی ئەو کاتی ماوە ئەگەر زیاتریش نەبێت، بەجۆرێک سەعدون یونس دان بەوەدا دەنێت ئەگەر دەیان جار ئەوەندە بودجە و پارەی بۆ تەرخان بکرێت، ئەستەمە کارێکی لەو جۆرە دووبارە بێتەوە، لە گفتوگۆیەکماندا لەگەڵ هونەرمەند سەعدون یونس هەوڵیدا هەندێک لە یادگارییە خۆشەکانی خۆی و بیروبۆچوونەکانی دەربارەی ئێستای هونەری کوردی بەخوێنەرانی ڕابگەیەنێت.●

سەرەتا مامۆستا سەعدون باسی لە هۆکارەکانی پێشخستنی هونەری کوردی کردو وتی: هونەری دراما و شانۆ بەوە دروست نابێت فەرمانگەیەك دابندرێت و چەند کەسێك وەك فەرمانبەری ئاسایی تێیدا دانیشن، گرنگ نییە فەرمانگەکە چەندە و چەند فەرمانبەری هەیە، گرنگ ئەوەیە چ پێشکەش دەکەن، پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی چۆن بازاڕ بۆ هونەری کوردی بدۆزرێتەوە.

*** ئەو بازاڕە چۆن دروست دەبێت؟**

- کاتی خۆی بڕی نۆزدە هەزار دیناری سویسری بۆ (هەبوو نەبوو) سەرفکرا بۆ ماوەی ١٥ رۆژ پێشکەشکرا، هۆڵ پڕ دەبوو و جێگە نەدەما و پارەی خۆی بە تەواوی دەهێنایەوە، تەنیا لە پلیتەکان تا وایلێهات لەو پارەیەی بۆی دانرابوو تێپەڕاند، بەڕێوەبەری گشتی وتی بەسەر ستافەکە دابەشی بکە، بە هەمان شێوە لە (محەمەد سێوێ)یش بێئەوەی سیدی و دی ڤی دی هەبێت.

***بەڵام هەست دەکرێ لە سلێمانی هەوڵێك هەیە لە بواری دراما بۆچی لە هەولێر نییە؟**

- بەڕای من کاتی خۆیش دەمانوت بناغەی مۆسیقا و گۆرانی لە سلێمانییە، دراما، تەلەفزیۆن لە هەولێرە، عەلی ئەفەندی من (کۆلارە)م بۆی کرد، لە تەلەفزیۆن دانیشتبوو وتی: ئەوە سێ ساڵە کاری نواندن دەکەم و سێ فیلمم کردووە، بەڵام لە سەعدون یونس فێربووم نواندن بکەم و دەتوانم بڵێم قۆناغێکی ژیانمە، جەلیل زەنگەنەش لە دیمانەیەکدا وتی: زۆر شتم لە خەیاڵە، بەڵام زۆر شت دەنووسم بە توانای ئەکتەر، ئەکتەری باشم لەبەر دەستدا نییە، لێیان پرسی چی دەکەی، وتی (سەعدون یونس) ێك و دەیانی ئەوم بدەنێ بزانم چی دەکەم، تەنانەت مامۆستا ئەحمەد سالار چەند جارێك پێمی وتووە تۆ ئەکتەر نیت.

***پێت وانییە هونەرمەندانیش بەدوای پلەو پایەوەن و بازاڕیان لەبیر کردووە؟**

- پێموایە هونەرمەندەکان لەو مەسەلەیە بەهەڵەدا چوون و بەو شێوەیە نییە کە ئەوان باسی لێدەکەن، هەروەها کەسێك نییە کە پسپۆڕ بێت، تەنیا لە شتێکی دیاریکراوە شارەزا بێت، کەسانێك هەن لە یەك کاتدا چەند کارێك ئەنجام دەدەن.

*** ئایا بێجگە لە هەولێر پایتەختێك هەیە سینەمای نەبێ؟**

- نەخێر باوەڕ ناکەم مەگەر لە مەقادیشۆ سینەما نەبێت.

فۆتۆ/کەمال ئاکرەیی

***پێت باشە بە مامۆستا سەعدون بناسرێی یان بە ڕەجەب؟**

- مامۆستا سەعدون ـ م پێ خۆش نییە، سەعدون یونس بە رووتی خۆشترە، رەجەبیش جێگەیەکی گەورەی هەیە لە ژیانمدا.

***مەبەستمان ئەوەیە ئێستا منداڵێك لە دەرەوە بڵێ ئەمە (ڕەجەب)ـە؟**

- زۆر زۆرم پێخۆشە هەرچەندە میللەتی ئێمە ناتوانن وەك پێویست هەستی خۆیان دەرببڕن، کاتی خۆی هەندێك لەبەر نەزانینی چۆنیەتی هەستی خۆشەویستی خۆی دەگەیشتە رادەی بێزار بوون.

*** بەڕای تۆ پەرلەمان ئەحمەد سالاری وەك هونەرمەند کوشت؟**

- نەخێر، بەڵام وەك پێویست مامەڵەی نەکرد، ئەگەر بێینە سەر واقیع هونەرمەند بیر لەوە ناکاتەوە، چونکە پەرلەمانی هونەرمەند میللەتەکەیە ئەوەندە ساڵەی لە ئەڵمانیام تا ئێستا نەمبینیوە هونەرمەندێك هەر باسی پەرلەمان بکات، زۆر هونەرمەند هەن تەنانەت نازانن وەزیری دەرەوە کێیە نازانێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت ناکات، بەڵکو لەگەڵ بازاڕ دەکات.

*** لە کوردستان هونەرمەندێك هەیە سیاسی نەبێت؟**

- نەخێر، چونکە هەر لە ئەساسەوە سیاسییە، منیش سیاسیم بە قەناعەتی من ئێمەی کورد هەموومان سیاسین، سەبارەت بەوەی سەر بەملایەن یان ئەوون لە زۆر هونەرمەندم پرسیوە دەڵێن: ئەگەر بەو شێوەیە نەڕۆین ناتوانین بژین، جا نازانم ئەمە تا چەند راستە، چونکە ژیان بۆ هونەرمەندان گرنگترە.

*** بەڵام ئایا هونەرمەندان تاچەند بڕوایان بەو حزبایەتییە هەیە یان تا چەند ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو کارە؟**

- ئێستا لایەنێك داوام لێبکات ببم بە نوێنەریان لە ئەڵمانیا بە خۆشحاڵییەوە رازی دەبم، بەڵام پێم بڵێن تەنیا نوێنەری لایەنگرانی ئێمە ببە ئەوا رازی نابم، خۆشم تاقیکردنەوەیەکی شەخسیم هەیە لەو بوارەوە.

*** لە یەکەم نمایشکردنی (هەبوو نەبوو) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دوای نمایشکردنی کاردانەوەی خەڵك چۆن بوو؟**

- لە بەغدا سێ (هەبوو نەبوو) لە فیستیڤاڵێکدا پێشکەشکران، یەکیان تیپی نەتەوەیی بەغدا، دووەمیش لە کەربەلا بوو، سێیەمیشیان تیپی نەتەوەیی هەولێر پێشکەشی کرد، دوای تەواوبوونی فیستیڤاڵەکە، قاسم محەمەد لەسەر شانۆ وتی: پێشکەشکردنی (هەبوو نەبوو) لە خەیاڵی خۆم زیاتر بوو، من وەکو دەرهێنەر باوەڕ نەدەکرد بەوە شێوەیە پێشکەش بکرێت و سەعدون یونسیش لە نووسینەکەی منی تێپەڕاند، لە مێژووی هونەری کوردی ئەوەندە لە رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان لەسەر (هەبوو نەبوو) نووسرا باوەڕ ناکەم لەسەر هیچ بەرهەمێکی عەرەبیش نووسرابێت، نەك بەرهەمی کوردی.

هەولێریش وەك ئاوێکی مەنگ بوو (هەبوو نەبوو) بەشێوەیەك هەمووی هەژاند کە بە هیچ شێوەیەك من لە خەیاڵمدا نەبوو، بە شێوەیەك بوو ئێستا دوای سێ ساڵیش من ناوم لە پێستی (ڕەجەب) نایەتە دەرێ.

*** ئێستا ئەگەر کەسێك لە بازاڕ بە (ڕەجەب) بانگت بکات ئاوڕی لێ دەدەیتەوە؟**

- بەڵێ، جارێکیان لەگەڵ کوڕەکەم لە بازاڕ دەگەڕاین خەڵك ئەوەندە بانگیان کردم و داوایان لێکردم لەگەڵیان دانیشم تاقەتی چایە خواردنم نەمابوو، ئەو رۆژی دەعوەتی برادەرێك بووم، داوای لێبوردنم لێی کرد کە ناتوانم هیچ بخۆم، زۆر حەزم لە بازاڕ و گەڕانە، بەڵام بەشێوەیەکی کەم حەز ناکەم زۆر بگەڕێم و بسوڕێم، چونکە پێموایە لەگەڵ ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکەم پێویستە کەسایەتیەکیش بۆ خۆت دروست بکەی، جارێکیان سکرتێری پارێزگار تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: دەعوەتی پارێزگاری، منیش پێموت: بۆچی خۆی تەلەفۆنی نەکرد، دوای کاتێکی کەم پارێزگار خۆی تەلەفۆنی کرد و داوای لێبوردنی لێکردم، تەنیا بۆ ئەوەم بوو کە بزانێت من ئەوەندە ئاسان نیم هەرچەندە هونەرمەندیشم، من وا پەروەردە بووم تەنانەت کە هاتمەوە وتیان رێزلێنانت بۆ دەبڕینەوە، بەڵام من قبوڵم نەکرد.

*** ئەمە بۆ سەعدون یونسی ئاسایی دەگەڕێتەوە یان بۆ سەعدون یونسی هونەرمەند؟**

- ئەمە بۆ سەعدون یونسی هونەرمەند دەگەڕێتەوە، من بە چاوێکی زۆر بەرزەوە سەیری هونەرمەند دەکەم، پێموایە هونەرمەند مرۆڤێکە دەبێ بە هەست و هۆش مرۆڤێکی ئاسایی نەبێت، دەبێ ناسك و خاوەن دید و تێڕوانینێکی دووربین بێت.

***ئەو سروشتەی تۆ باسی دەکەی لەگەڵ (ڕەجەب) لێك دوور نەبوون؟**

- ئەوەی لەسەر شانۆ پێوەندی بە هیچ شتێکەوە نییە، ئەرکێکی سەر شانتە پێویستە جێبەجێی بکەی، بەڵام لە دەرەوەی شانۆ پێویستە خاوەن کەسایەتیی خۆت بیت، لە هەندێك دیمەنی (ڕەجەب) کە پێویستی بە لێدان بوو ئەحمەد جەمیل دەیوت چۆن دەبێ من لە مامۆستای خۆم بدەم، بە داوای لێبوردنەوە بۆ هەموو هونەرمەندان دەڵێم: لە هەولێر تا ئێستا کەسایەتییەکی وەك خۆم نەدۆزیوەتەوە و شانازیشی پێوە دەکەم.

*** ئێستا لەگەڵ نووسین چۆنی بۆ نموونە لەسەر هونەری کوردی شتێك بنووسی؟**

-ئەگەر من دەست بکەم بە شتێك رەنگە بە شەوێك بینووسم، حەز دەکەم بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسم، چونکە وەکو دەرهێنەر یەکەم شانۆگەریم دەرهێنا بەناوی (المسیح یصلب من جدید) کە یۆنانی بوو بە جلوبەرگی کوردی پێشکەشم کرد لە ساڵی ١٩٧٠ لەو (قاعە شعب)ـەی هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٧ هاتمە سەر شانۆ بە رۆڵێکی سەرەکی وەك ئەکتەر، لەو ماوە دوور و درێژەدا زۆر شت هەیە کە بیرم لێی کردۆتەوە وەك فایلێك ئامادەی بکەم.

*** تۆ بۆ قسە کردن باشتری یان بۆ نووسین؟**

- بۆ قسە کردن، لەگەڵ هونەرمەند دانا رەئوف رێککەوتووین من قسە بکەم ئەویش بینووسێت.

*** دوور لە جدیات با هەندێك باس لەلایەنە خۆشەکانی ژیانت بکەینەوە، بێ لە سەمیرە خان**

**خۆشەویستیت کردووە؟**

- لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو کات ١٥ ساڵان بووم جارێکیان گیرام، بەڵام لەسەر سیاسەت نا، بەڵکو لەسەر خۆشەویستی بوو، ئەو کات وەرزشی لەشجوانیم دەکرد، بەردەوام کراسی نیو قۆڵم لەبەر دەکرد، ماڵمان لە تەیراوە بوو لە پشتەوەش گامێشەوان هەبوون کە خەڵکی دەشتی موسڵ بوون، ئەوان کچێکی جوانیان هەبوو، من دەمویست لەگەڵ گەنجەکانی ئەو کات جیاواز بم، ئەوان کەلایانییان دەکرد من نەمدەکرد و لە یانەی بروسك وەرزشم دەکرد، سەرنجی کچەکەم ڕاکێشا و لەگەڵ کچەکە پێوەندیمان دروستکرد، ئیتر جارێکیان لەسەر خۆشەویستی ئەو کچە ماوەیەك گیرام دوای ئەوەی باوکی بەیەکەوە ئێمەی بینی، هەروەها ئەو کات پاس هەبوو لە عەینکاوە دەهات بۆ سەیداوە منیش ڕۆژانە سواری پاس دەبووم و خۆشەویستیم دەکرد، بە قەناعەتی من هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بێ عەشق بژیت.

*** عەشقی تۆ بۆ هونەرەکەت وەك عەشقی پاسەکە بوو؟**

-عەشقی من بۆ هونەرەکەم زۆر گەورەتر بوو لە عەشقی پاسەکە.

*** ئەی لەسەر عەشقی هونەرەکەت سزا نەدرای؟**

- سزاکە لەسەر ئەو بەرهەمانە بوو کە پێشکەشمان دەکرد وەك (انتبهوا ايها الساده و النبی بدران) - بە زمانی کوردی- ڕاگیران، محەمەد و سێوێ، گوڵاڵە، قەڵای دم دم و قاسپەی کەو، کەونە دەرکە) گرفتیان بۆ دروستکردم، بە گشتی هیچ بەرهەمێك بێ گرفت تێنەپەڕیوە، چونکە لە پشت هەموویان مەبەستێکی سیاسی هەبووە.

*** وەك هونەرمەندێك بە ڕاشکاوانە پێمان بڵێ، بەڕای تۆ دەسەڵاتی کوردی چۆن سەیری هونەر دەکەن؟**

- بە قەناعەتی من بەچاوێکی بەرز سەیری هونەرمەند دەکەن ئەمەش ڕەنگە من و کەسایەتی من دروستیان کردبێت، بەڵام بەو چاوەی ئەو هونەرمەندە دەبینن، بەیەك چاو سەیری هونەرمەندان ناکەن، من خۆیشم وەك یەك سەیری هونەرمەندان ناکەم، پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە بۆ حکومەت، ئەگەر کەوتە واری جێبەجێ کردنەوە گرفتی من ئەوە دەبێت چیبکەم بۆ ئەوەی ئەم هونەرمەندانە بهێنمە ئاستی ئەو بەرهەمە کە ئەمەش گرفتێکە.

*** چیت ماوە بیڵێی؟**

- دوو شت دەڵێم یەکەمیان بۆ برایانی هونەرمەندی خۆم دەڵێم با ئێمە بۆ هونەر شتی گەورە بکەین و ئەو گەورەییە هونەرەکەمان بپارێزێت، دووەمیشیان بە برایانی بەرپرس و سیاسەتمەدارانی ئەو هەرێمە دەڵێم: ئەم هەرێمە زۆر جوانتر دەبێ ئەگەر بایەخی زیاتر بە هونەر بدرێت.





بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com